شیعر



رووزار ئەحمەد

# زەمەنێک بۆ ئەوان و رۆژێک بۆ خۆم



به دوعای کوکوختییەک
که ئەوان فێریان کردم راوی بنێم و
خۆم ویستم بمێنێتەوە
که راویاننام
له بری پەڕینەوەم گیرفانیان پڕ دەکردم
له بەردی «رمجیم» و خەردەل
ئەوان وێنه جوانەکانی منداڵیان
سەرابی دەکرد و ئیتر خۆم و
عیزەته بێ کۆتاییەکانی نەفسم
به قەرەباڵغیەکانی عەدەمدا دەگەڕاین
چەنده گوناهن مناڵانی ئێمه
دەستەکانیان وەکو مێشکیان
بۆ گەرمیی گیرفانێک
روحیان له بەردا دەردەچێ

خەون دەیانباتەوە بەر
دەرگای دڵسافی
ئەوان بە واعیزە شەڕانگێڕەکەی
عوکاز و لوولەی ئەو تفەنگەی
کە یەکە بە یەکەمان بەردەوام دەپێکێ و
بەرگی رەجاڵیمان دەداتێ
چەندە گوناهن دایکان
بە حەزرەتی جلێکی مەریەمی
مرازیان تەسلیم کرد
ئێمە هیچمان پێ نەبوو
ئەوان درۆیان کرد کە گوتیان:
نیشتمان ئاوەکەی دڵگیر و شیرینە
کوانێ لە فەنای دوو دیواری بێدەنگدا
دەبێ رەنگی خۆشەویستی چۆن بێ؟
کە دایکم چەند وشەیەکی پچڕ پچڕی بۆ دەوتم
ببورە درۆیە
نیشتمان لە نێوان دوو خەونی بەردیندا
دوو توخمی نابەڵەک
هەر ئەوان بەردەوام
وەک «لات» و «عوزە»
دووبارە و سێبارە درۆیە
زوو برۆ لێرانە
تا زووە خۆت بە خەونی «دارا» وە
شەتەک دە و وریابە
وەک ئێمە تۆش بەردی نەهاوی و



کوکوختی بەرماڵتان راو نەنێی
دیسان هەر ئەوان پرم دەکەن
لە خەونی تۆقێن و لە راوی پەروانە  مناڵێک پێی وتم
بەر لەوەی دەستەکانم بەرد گرێ
پێم بڵێ؟ پەروانە خوێنی لە کوێیە؟
ئەی ماڵی تەنها باخچەیە؟
شەو لە کوێ دەنوێ؟
ئەمجارە بەهار هاتەوە
پەپوولە هەڵنەسێ
ژیانیش بەردەوام ئەم رەنگەی لەبەر بێ
رەشێ قووڵ وەک قووڵی بیری باوکم
شپرزە و هەرەشە وەک بەری دەرگامان
بەردەوام ئەمپوولی
 گیان کێشان لێ بداو
فەرسەخێک بۆ مردن بگێرێ
درۆیە... درۆیە
خۆمان بۆ خۆمانی دەڵێین و
زۆر راستە کە ئەوان
بۆمانی دەدوورن

